# بەردەم نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بووە مەیدانی روبەروبونەوەی

# سکۆلاریزم لە بەرامبەر کۆنەپەرستی ئیسلامی و راسیزمدا!

**ئامادەکردنی ریپۆرتاژ: هیوا احمد**

**لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە کەمپینی" یەک یاسا بۆ هەموان" لە بەریتانیا، بە هاوبەشی "ئیران سۆلیداریتی"، دەستی دایە بانگەوازکردن بۆ سازدان و ئەنجامدانی خۆپیشاندان و رێپێوان لە 2010/6/20 دا لەبەر دەم نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دژ بە هەوڵەکانی ئیسلامی سیاسی و دەستەو گروپە جۆربەجۆرە ئیسلامی ودینییەکان بۆ بەرەسمیەت ناساندن و دانانی دادگاکانی شەریعەت و یاسای ئیسلامی لە بەریتانیا. هەروەها بۆ نارەزایەتی دربرین و بەرزراگرتنی ساڵیادی ندا ئاغا سولتانی کە لە نارەزایەتیەکانی دژ بە رژێمی ئیسلامی ئیران لە تاران بەدەستی مرۆڤ کوژەکانی کۆماری ئیسلامی کوژرا.**




**سەرەتا لە کاتژمێر دووی دوانیوەرۆ لە بەردەم نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە داونین ستریت لە لەندەن، سەدان کەس لە خەلکانی سکولار و هەڵسوراوی مافەکانی مرۆڤ وژنان و دژ بە یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی، بەمەبەستی نارەزایەتی دەربرین لە بەرامبەر داگاکانی شەریعەت و دانانی یاسا لەسەر بنەمای ئایین و بێدەنگی حکومەتی بەریتانی لەبەرامبەر هەوڵەکانی دەستەوتاقمە دینی و ئیسلامییەکان بۆ داسەپاندنی ئەم یاسایانە لە ناو رەوەندی وولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کە لە بەریتانیا دەژین، کۆبوونەوە.**



**لە ناو کۆبونەوەکەدا بەزمانی ئینگلیزی دەیان پلاکارت و لافیتەو پۆستەر و وێنە وشیعاری جۆراوجۆر بەرزکرابونەوە لە چەشنی "یەک یاسای سکۆلار بۆ هەموان"،"مافی یەکسان بۆ هەموان"، نا بۆ یاسایەک کە لەسەر بنەمای دین و شەریعە دارێژرابێت"، راسیزم و فەرهەنگی نسبی کۆتایی پێبهێنن"، ئیمە هەمووومان ندایین، فەرزادین"، " نا بۆ جیاوازی رەگەزی"،..**

**دواتر لە لایەن چەند هەڵسواراوێکەوە بەزمانی ئینگلیزی قسەوباس پێشکەش کرا، لەوانە گیتا سهگیل هەڵسوراوی مافی مرۆڤ، مریەم نمازی قسەکەری کەمپینی "یەک یاسا بۆ هەموان"، فریبورز پویا لە "کۆمەڵگایەکی سکیولار"، یاسمین رەحمان هەڵسوراوی مافەکانی ژنان، ئانا واترس لە "یەک یاسا بۆ هەموان" هەروەها سو رۆبسن و گریرد فلیپس و چەند قسەکەری تر، کە هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە باسی دادگاکانی شەریعە و ئەو هێزانەی لە پشتییەوە وەستاون و مەترسیەکانی بۆسەر کۆمەڵگاو**

مافە مەدەنییەکانی خەلک و بەتایبەتیش ژنان و دروستکردنی جیاوازی و بەهێزکردنی راسیزم وهەروەها گرنگی کەمپینەکە و ئامانجی نارەزایەتییەکە کرد.

ئەمرۆ لە بەریتانیا مەسەلەی دادگاکانی شەریعە نارەزایەتیەکی بەرفراوانی خەڵک لە بەرامبەریدا هەیە و کارو چالاکییەکانی کەمپینی "یەک یاسا بۆ هەموان"یش لە بەرامبەر دادگا و یاساکانی شەریعەدا رۆژ بەرۆژ بەرفراوانتر دەبێت و خەلک و هەڵسواراوانی زیاتر پێوەی پەیوەست دەبن، ئەمە بۆتە فشارێکی گەورەو مەترسیەک بۆسەر هەوڵەکانی دەستەو تاقمە دینی وئیسلامییەکان بۆ داسەپاندنی ئەم یاسا دواکەوتوانەی شەریعە وئیسلام لە بەریتانیا، هەر بۆیە لەبەرامبەر کۆبوونەوە و نارەزایەتیەکەی کەمپینی "یاسایەک بۆ هەموان" و بەمەبەستی ترساندنی خەلک، گروپێک لە دەستەو تاقمە ئیسلامییەکانی بەریتانیاش لە نزیک شوێنی کۆبوونەوە رەزایەتییەکە کۆبوبونەوە و زۆربەیان دەموچاویان بە دەمەوانەی رەش شاردبۆوە، کە شیعاری "دیموکراسی سەرەتانی جیهانە" یان بەرزکردبۆوە و دەستیان کردبوو بە تەکبیر و الله و اکبر وفەتوادان و قورئان خوێندن و ووتاردان. کە لە لایەن هەڵسوراوان و خەلکی مەدەنی ناو کۆبوونەوەکەی کەمپینی یەک یاسا بۆ هەموان بەرامبەریان لێدەگیرا و بەهوها کێشان و فیکە لێدان و وتنەوەی شیعارەکانی "دەبێ دادگاکانی شەریعە ببەسترێن"، مافی ژنان مافی مرۆڤە"، یەک یاسای سکۆلار بۆ هەموان نا بۆ یاساکانی شەریعە" وەڵامیان دەدرایەوە.





لەهەمان کاتدا بەمەبەستی شێواندنی نارەزایەتیەکان و نانەوەی ئاژاوە و پشێوی گروپێکی 6-7 کەسی لە راسیستەکانی ئەندام لە پارتی نەتەوەیی بەریتانی پەیدابوون و ودەستیان کردە هاوارکردن، کە بە شیعاری "نا بۆ رەیسیزم"، "رەیسیزم شەرمە" لە لایەن کەمپینی یاسایەک بۆ هەموان بە هوهاکێشان وەڵامیان درایەوە، وە هەر زوو لە لایەن پۆلیسەوە لە دەوروبەری نارەزایەتیەکە دورخرانەوە.





هەر لە شوێنی کۆبونەوە نارەزایەتیەکە و لە ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکە سەدان کەس لە رێبواران وخەڵکی ئاسایی کۆبوبونەوە و سەیری روداوەکەیان دەکرد، ژمارەیکی زۆریشیان دەهاتنە ناو نارەزایەتیەکە و پرسیاریان سەبارەت بە نارەزایەتیەکە دەکرد، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج بوو هیچ رێبوارێک لە بەردەم گروپە ئیسلامییەکانەوە نەدەرۆیشت و تەنانەت پۆلیسیش نەیدەهێشت خەلک لە بەردەمیانەوە بروات چونکە جێگای مەترسی بوون.

شایانی باسە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە پۆلیس و ئۆتۆمبیل و ڤانی پۆلیس تەنانەت هیلیکۆپتەریش بە مەبەستی چاودێریکردن و پاراستن و کۆنترۆلکردنی شوێن و هەلومەرجەکە لە رووی ئەمنییەوە لەوێ ئامادەبوون.




**له راستیدا سەرکەوتنی ئەم نارەزایەتییە بەم شێوەیەو هەموو ئەم رووداوانە پێکەوە ببونە یەک نمایش و شانۆیەکی واقعی کێشمەکێشم و شەری واقعی سکۆلاریزم لەبەرامبەر کۆنەپەرستی ئیسلامی و راسیزمدا.**

**شایانی باسە ژمارەیکی زۆر لە کەناڵەکانی راگەیاندنی وەک بی بی سی و تەلەفیزیۆنی روسیای ئەمرۆ RT.TV و رۆژنامەکان لەوێ ئامادەبوون وخەریکی هەواڵ و ریپۆرتاژ ئامدەکردن بوون. کە هەردوو تەلەفیزیۆنی بی بی سی پرۆگرامی بریکفاست و روسیای ئەمرۆ چاوپێکەوتن و گفتوگۆیان لەگەل مریەم نەمازی قسەکەری کەمپینەکە سەبارەت بە ئامانجی نارەزایەتیەکە وکەمپینەکە سازدا.**



**دوای درێژەکێشانی کۆبونەوە نارەزایەتیەکە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بەپێی بەرنامەی نارەزایەتییەکە کاتژمیر 4 لەوێوە خەلکەکەبە بەرێپێوان و شیعار وتنەوە دژ بە دادگاو یاساکانی شەریعە بۆ ماوەی نزیک بە کاتژمێرێک بە ناوجەرگەی شەقامەکانی لەندەن و بەبەرچاوی هەزاران کەسەوە بەرەو بەردەم سەفارەتی رژێمی ئیسلامی ئیران بەرێکەوتن، لەبەردەم سەفارەتی رژێمی ئیسلامی بەبۆنەیساڵیادی کوشتنی ندا ئاغا سولتانی وبۆ نارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، بۆ ماوەی کاتژمێرێک چەند قسەوباسێک کراو چەندین شیعار دژ بە رژێمی ئیسلامی وترانەوە، هەروەها هەر بۆ ئەو مەبەستە چەند لایەنی تری ئۆپۆزسیۆنی ئیرانی لەوێ ئامادەبوون.**

**<u>بۆ پەیوەندیکردن بە کەمپینی " یەک یاسا بۆ هەموان"</u>:**

**قسەکەری کەمپین: مریم نەمازی**

**One Law for All**
**BM Box 2387**
**London WC1N 3XX, UK**
**Tel: +44 (0) 7719166731**
**onelawforall@gmail.com**
**www.onelawforall.org.uk**